کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:23 27-12-2006

# به شانۆگەری ئاوازێک بۆ گیانی ماکبێس هۆڵە ساردەکانی شانۆ گەرم دەکاتەوە... کرمانج مستەفا...

هاوری رەوا

لەگەڵ دەرچونی مۆلەتی فەرمی تیپی هونەری رۆژ لە دوو ئێوارەی ساردی زستانە کرمانج مستەفا دەستپێکی کارە هونەریەکانی کردە هەنگاوێك بۆ گەرانەوەی بینەر بۆ هۆڵەکانی شانۆ، ئاوزێك بۆ گیانی ماکبیس ئەم نمایشە شانۆیە بوو کە بۆ ماوەی دوو رۆژ لە هۆلی گەل بە ئامادەبوونی هونەرمەدان و جەماوەرێکی زۆری تینو بۆ نمایشە شانۆیەکان پێشکەش کرا... دوای شانۆگەریەکە هونەرمەند کرمانج مستەفا دەرهێنەری ئەم شانۆگەریە بەم شێوەیە بۆمان دوا (شانۆگەری ئاوازێك بۆ گیان ماکبیس نوسینی جەلیل زەنگەنە و لەدەقی شکسپیرو ئەلبێرت کامۆ لەدەقێکی سارتەریش هەندی شت وەرگیراوە مامۆستا مەحمود زامدار ئەرکی وەرگێرانی لە ئەستۆ گرتەوە، ئەوی راستی بێت ئێمە وەك ستافای ئەم کارە هونەریە ماوەی سی مانگ دەبێت خەریکی پرۆڤە کردنین بۆ ئەنجام دانی ئەو کارە هونەریە هەرچەندە دەقەکە زۆر قورسبوو بۆ کار کردن لە پانتایی فەلسەفەی کۆنی ماکبیس و سارتەر لەگەل ئەمەش ئێمە توانیمان لە رێگای هەندی رموز و هەندی خیتابی شانۆیی کە تێدا بوو بە بینەرە رابگەیەنین، بێجگە لەوەش ئێمە وەك گروپی رۆژ لە ئایندەش هەول دەدین کاری چاکتر بکەین بۆ زیاتر هەوڵ دان بۆ گەرانەوەی بینەر بۆ شانۆگەریەکان... )

ئەگەر چی دەرهێنەر لەم نمایشە شانۆیە سودی لە چەند دەقێکی جیهانی وەرگرتبوو بەلام لە پەنتایەکی فەرەوانی پەیام ئامیزدا توانی بووی جۆرێك لە فلسەفەی وتاری لە کەسایەتی ماکبیس نیشان بینەر بدات، مامۆستا ژیلوان تاهیر لەبارەی ئەم شانۆگەریەوە دەلێت (لەم بەرهەمە تەکنیکی جوانی شانۆیم بینی زۆر شتی تازەم بینی لەوانە گەرانەوەی مەشهەدی یەکەم لە دوا ساتەکانی شانۆکە وە زۆربەی زۆری مەشهەدەکان جۆرێك لە رێتم م دەبینی ئەوەش خۆی لەخۆی دا کارێکی جوانە، تەنها رەخنەم خۆی لە بەکار هێنانی هەندی لایەنی روناکی هەبوو وەزۆر مەشهەدی شەفافم بینی بێجگە لەمەش ئەکتەرەکان بە شێوەیەکی جوان توانیبویان لەگەل جولەکان تەفاعول بکەن، بۆیە من دەلێم کاك کرمانج توانی تۆزێك گورج وگۆلی بگەرێنێتەوە سەر شانۆکانی هەولێر) بەهەمان شێوە مامۆستا کامەران حاجی سالح پیی وایە کە شانۆگەریەکە هیلاکی زۆری پێوە دیار بوو بەلام باشتر دەبوو ئەگەر پرۆڤەیان زیاتر بکردایە بێجگە لەمەش روناکی بە شێوەی پێویست نەبوو چونکە زیاتر رۆلی روون کردنەوەی کەسایەتیەکانی دەبینی

مامۆستا محمود زامدار وەرگێری ئەو دەقە شانۆگەرییە پیی وایە هونەرمەند کرمانج مسەفا توانی لەو کاتەی کە شانۆ لە قات و قری تێدەپەرێت جوانترین نمایش لەگەل گروپەکەی پێشکەشمان بکات بۆیە دەکرێت ئێمە لە دوای ئەم شانۆگەریە بلێن جێژکم وەرگرت لەم شانۆگەریە چونکە کە جارێك شانۆگەریەکەم بینی دیسان حەزم هەڵسا بۆیە جارێکی تریش هانی خۆم دا بچمەوە شانۆگەریەکە هەرچەندە لای من هیچ کارێك بی هەڵە نابێت بەلام دەلێم ئەم شانۆگەریە یەك لە کارەجوانەکان بوو کەلەم وەزە بینیم بۆیە دیسان دەلێم من رۆحم پر بوو لە جوانی چونکە ئەو گەنجانەی کە بەدوای جوانی دەگەرێن توانیان لەم شانۆگەریە ئەوەمان نیشان دەن... ئەگەرچی روانین و تیرۆوانینی هونەرمەند کرمانج بۆ کەسایەتی ماکبیس بۆ خودی خۆی دەگەرێتەوە بەلام زیادەگەری و ئیزافاتی جوان کردنی کەسایەتی ماکبیس لە ئاستێکی زۆر لەم شانۆگەریە دەگەرێتەوەبۆ بینینی دەرهێنەر بەرامبەر دەقەکە...

(شانۆگەری ئاوازیك بۆ گیان ماكبیس نوسینی جەلیل زەنگەنە و لەدەقی شكسپیرو ئەلبیرت كامۆ ولەدەقیكی سارتەریش هەندی شتی وەرگیراوە مامۆستا ەحمود زامدار ئەركی وەرگیرانی لە ئسۆ گرتەوە، ئەوی راستیبیت ئیمە وەك ستفای ئەم كارە هونەریەماوەی سی مانگ دەبیت خەریكی پرۆڤە كردنین بۆ ئەنجام دانی ئەو كارە هونەریە هەرچەندە دەقەكە زۆر قورسبوو بۆ كار كردن لە پانتایی فەلسەفەی كۆنی ماكبیس و سارتەر لەگەل ئەمەش ئیمە توانیمان لە ریگای هەندی رموز و هەندی خیتابی شانۆییی كە تیدا بوو بە بینەرەكە رابگەینن بیجگە لەوەش ئیمە وەك گروپی رۆژ لە ئایندەش هەول دەدین كاری جاكتر بكەین بۆ زیاتر هەول دان بۆ گەرانەوەی بینەر بۆ شانۆگەریەكان